


# پێشنیار دەکرێ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی وەک وانە لە قوتابخانەکانی کوردستان بخوێندرێ

**نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و خوێندنی جێندەر وەک وانە لە قۆناغەکانی خوێندن (سەرەتایی تا زانکۆ) تا چەند پێویستە بخرێتە بەرنامەی کاری وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستـــان و چ پێشنیار و ڕێکارگەلێک بۆ ئەو بوارە هەیە؟ بەشـــداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان لەوبارەیەوە دەخەنەڕوو.**

**فەرهاد مەلاحەسەن:**

**خێزانەکان بێ جورئەت بوون لە پێدانی کەمترین زانیاری پێویست بە نەوەکان بۆ ناسینی خودی خۆیان**

**هەلالە قازی:**

**سەردەمی شیرین تەشی دەڕێسێ نەماوە و هێمن وتەنی کیژی وریای چاو کراوەی فێرە زانینم دەوێ**

### بەردی بناغەی نەهێشتنی جیاکاری لەکوێ دادەنرێ؟

جیاکاری و جیاوازی ڕەگەزی بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هـــەردەم هۆکارێکی ســـەرەکی پێشـــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بووە. لە ئاستی دنیاشدا کەم نین ئەو وڵاتانەی کە هەوڵیان داوە مەودای نێوان ئەو جیاوازییانە کەم بکەنەوە و ئافرەتان بە مافە زەوتکراوەکانی خۆیان شاد بکەنەوە، لە هەرێمی کوردستانیشدا لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە ئافرەت دەنگ و ڕەنگی خۆی هەبێت، بەڵام گەر هەنگاوی جددیش هەڵگیرابێت، ئەوا بەهۆی نەریتەکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکەوە هەنگاوەکە سست و کەم ئەنجام بووە. بۆیە لە ئێستادا بۆ نەهێشـــتن یان کەمکردنی جیاوازی ڕەگەزی پێشنیار دەکرێ خوێندنی جێندەر وەك وانە لە قۆناغەکانی خوێندن (سەرەتایی تـــا زانکۆ) بخرێتە بەرنامـــەی کاری وەزارەتی پـــەروەردەو وەزارەتی خوێندنـــی باڵای کوردســـتان بۆ ئەوەی هەر لـــە بناغەوە ڕێزگرتنی یەکسانی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا سەقامگیرو جێگیر بکرێ.

### لێکۆڵینەوەی زانستی و پلان و بەرنامەی پێویستە

نەجیبە مەحموود بەڕێوەبەری گۆڤاری ســـەردەمی ژن، وەك نووسەرو میدیاکارێکی دیار ســـەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە «نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی هەنگاوی عەمەلی و لێکۆڵینەوەی زانســـتی و پلان و بەرنامەی دەوێت، کـــە دەبێت لە دامودەزگاکانی حکومەتەوە دەســـت پێ بکات، کە دەســـتەیەکی ڕاوێژکاری دروست بکرێت لە کەســـانی شارەزا و پسپۆڕ وڕێکخراوەکانی ژنان و گەنجان و کۆمەڵگـــەی مەدەنی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەش دەبێت لە باخچەی ساوایان تا زانکۆکان دەست بکرێت بە گۆڕانکارییە ریشەییەکان. بەشێوەیەك کە ڕەگەزەکان یەکسان بکاتەوە لە ئەرك و مافدا». گوتیشی «نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی پێویستە بچێتە سیستمی خوێندنەوە تا وەك زانیاری سوودی لێ وەربگیرێت و بەشێوەیەکی زانستی بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشـــنبیری و یاسایی کۆمەڵگەی کوردی سوودی لێوەر بگرن»،

ئەوەشی بە «تاکەڕێگە» بۆ نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی هەژمار کرد».

### خوێندنی جێندەر لە قوتابخانەکان ئەنجامی ئەرێنی دەبێت

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تانیا جەمال، رایوایە نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی کارێکی ئاسان نییەو دەڵێت «کێشە کۆمەڵایەتییەکان شتێك نین بە ئاسـانی بنبڕ بکرێن، بەڵام دەکرێـت هەوڵی کەمکردنەوەی بدەین، بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی رەگەزیش دەکرێ خوێندنی بابەتی جێندەر لە قوتابخانەکاندا دەسـتپێبکات، کە ئەوە کارێکی ئەرێنییە و ئەنجامی باشیشـی دەبێت، بەڵام بە مەرجێك بە رێگەیەکی زانستی بابەتەکان دابڕێژرێن، هەروەها کەسـانی شـارەزا ئەو بابەتە بڵێنەوە و باوەڕی تەواویان بە یەکسـانی و عەدالەتـی کۆمەڵایەتی هەبێت، چونکە باسـکردن لەو بابەتانە ئەگەر بە لێزانی و باوەڕبوونەوە نەبێت ئەوە ئامانجی خۆی ناپێکێ و کێشـەکان ئاڵۆزتـر دەکات». تانیا جەمال بە پێویسـتی دەزانێت هاوکات کاری جددی بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی توانا و کارامەیی و ڕۆشنبیری تەواوی ئەو ستافانە بکرێ کە لەگەڵ منداڵان و گەنجاندا رۆژانە کۆنتاکتیان هەیە، گوتیشـی «گەر ئەوان لەو رووانەوە بەهێز بکرێن، باشتر دەتوانن تۆیی ریزگرتن و خۆشەویستی و یەکسـانی رەگەزی لەدڵی قوتابیاندا بچێنن، بەم شێوەیەش منداڵان پەروەردەیەکی دروست و بەهێزیان دەبێت کە لەسەر بنەمـای ریزگرتن لە مافی مرۆڤ بونیـاد دەنرێ، ئەوکات بەبێ کێشەو گرفت بنەماکانی جێندەری جێبەجێ دەبێت».

### مامۆستایانی ئایینی پێویستە لەو بوارەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن

یوسف حەمەد خۆشناو، وەك پسپۆڕێکی دەروونناس ڕاوسەرنجی خۆی لەبارەی خوێندنی وانەی جێندەر لە قوتابخانەکان و کاریگەرییەکانی چەند پێشنیارێك بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

یەکەم: گرینگی بدرێت بە پەروەردەی مەدەنی بە جۆرێك قوتابییەکان لە سەرەتای قۆناغەکانی خوێندن تێکەڵاو بن و زۆر تیشکیش نەخرێتە سەر گرینگیدان بە رەگەزی مێینە بە زەقی چونکە ئەوە خۆی لە خۆیدا جیاکارییە.دووەم: گرینگی بدرێت بە پەروەردەکردنی مامۆسـتاکان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوتابییەکان. سێهەم: توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو قوتابخانـەکان ئەکتیف بکرێن و رۆڵیان هەبێت لە پەروەردەی کۆمەڵناسـانەی قوتابییەکان.چوارەم: ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی تێکەڵاو و هەسـت بە جیاوازی نەکردنی مێینە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە نزیککردنەوەی هەردوو ڕەگەز هەیە.یوسف حەمەد خۆشناو لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش بە پێویستی زانی رۆشنبیری زوو بەشوودانی کچ بەرپەرچ بدرێتەوە و گوتیشـی «مامۆستایانی ئایینی پێویستە لەو بوارەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و خێزانەکانیش بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانەو تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن هان بدەن».

### پێویستی بە دامەزرانی ئەکادیمیای تایبەت هەیە

ئاسار کەریم کارگێڕی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی گەرمیان بەشـی کچان و ژنان، ڕایوایە «پێش هەموو شتێك پێویستە کاری جددی بکرێ بۆ هاندانی لێکۆڵینـەوەو توێژینەوە دەربارەی جێندەر وGender و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان پلانی لەو بارەیەوە هەبێت و کاری زانسـتی لەسەر پەیوەندییەکانی خێزانی و ڕەگەزی لـە ناوکۆمەڵگەی کوردی بکات. گوتیشـی «دەبێت سـەنتەری توێژینەوەی تایبەت بە پرسی جێندەر و ژنان لە زانکۆکان دابمەزرێ و ئامانـج و ئەنجامـی توێژینەوەکانیش بخرێتە ناو پرۆسـەکانی خوێنـدن و بـە بڕیاری سیاسـی لەپێناو پەرەپێدانـی رۆڵی ژنان پشـتگیری بکرێ». پێشنیاری ئەوەشـی کرد کە «ئەکادیمیای تایبـەت دابمەزرێ بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی تایبەت بە کۆکردنەوەی داتا و ئاماری ورد لە سەر چەندێتی پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ و توندوتیژییەکانی خێزانی بەتایبەت بەرامبەر بە ژنان و منداڵان، گوتیشی «چاودێریکردن و پیادەکردنی سیاسەتی رێگر بۆ نەهێشـتنی ئەو دیاردەیە و پراکتیزەکردنی یەکسـانی ڕەگەزی پێویستە بخرێتە ناو پرۆسـەکانی خوێندن و لە کۆمەڵگەی ئێمەش ببێتە ئەمری واقع».

### پێویستە ئاشناکردنی ئەو چەمکە لە خێزانەوە دەستپێبکات

فەرهاد مەلاحەسەن سەرنووسـەری گۆڤاری (شەقام) سەبارەت بە هەمان تەوەر دەڵێت «چەمکەکانی رەگەزناسی و خۆناسینی رەگەزەکان لەناو خێزانەکانـی کۆمەڵگەی ئێمەدا تاڕادەیەکی زۆر غائیبە، ئەو غیابەش وایکردووە کە ئاسـتی ناسینی ڕەگەزەکان بۆ یەکتری وەك پێویست نەبێ و، جۆرێك لە بەدگومانی لەپەیوەندییەکانیاندا دروست ببێ». گوتیشی «بوونی ئەوجۆرە وانانە لەناو سیستمی پەروەردەییدا تاکی ئێمە لەزۆر گرفت و کێشـە دەربـاز دەکات، هەمانکات ئەو کێشـە کۆمەڵایەتییانەی کە رۆژانە دەبنە مانشێت و سەرەهەواڵ و کۆمەڵگەو سیستمی پێوەی گیرۆدە بووە، وەك جاران نامێنێ، چونکە هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تاکەکان نەیانتوانیوە پێناسەکانی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بەباشی بناسن و مانا ڕاسـتەقینەکانی چەمکی جێندەریش لە ڕۆژانەی ژیانیاندا بەکارببەن. کە ڕەنگە لەمەدا (خێزان) وەك یەکەم بونیادی پەروەردەیی (تاك) بەهۆی وابەستەبوون بە عورف و تەقالیدە رابردووەکان جورئەتی نەکردووە لـەدوای فامکردنی منداڵەکانیان، قۆنـاغ بە قۆناغ ئەو چەمکانەیان پێ ئاشنا بکەن، تەنانەت بێ جورئەتیش بوون لە پێدانی کەمترین زانیاری پێویست بە نەوەکان بۆ ناسینی خودی خۆیان. بۆیە پێویستە ئاشناکردنی ئەو چەمکە سەرەتا لە خێزانەوە دەستپێبکات و لە ناوەندە پەروەردەییەکانیـش درێژەی هەبێ، بۆ ئەوەی کاتێك تاك دەچێتە بەر خوێندن باگراوندێکی لە ناسـینی ئەو چەمکە هەبێت. بێگومان بوونی ئـەو وانەیە لە سسـتمی پەروەردەییدا هاندەرێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی و بە کەمبوونەوەی ئەو دیاردەیەش (تاك، خێزان، کۆمەڵگە) بەرەو ئارامی دەڕوات».

### سەردەمی شیرین تەشی دەڕێسێ نەماوە

هەڵالە قازی وەك چالاکوانێکی مەدەنی هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەر چەمکێك خزمەت بە یەکسانی و ئازادی مرۆڤەکان بکات، پێویستە ببێتە وانەو فێری نەوەی دواڕۆژ بکرێ. گوتیشی «لە کۆمەڵگەی ئێمـە تەنانەت ژمارەی پیاوانی بە ئەزمـوون کە بتوانن داهاتووی وڵاتیان پێ بسـپێری کەمە، بۆیە ڕۆڵی ژنیش لەو کۆمەڵگەیە زۆر دیار و بەرچاو نییە».

هەڵالـە قازی ئەوەش دەخاتەڕوو کە تا ئێسـتا ٤٨ ئافرەت لە دنیا خەڵاتی (نۆبل)یان لە زانستە جوراوجۆرەکان وەرگرتووەو لە زۆربەی وڵاتانی پێشـکەوتووش بەرپرسیاری گەوری حزبی و حکوومییان بەئەستۆ گرتووە، لە بڕیاری سیاسیش رایان وەرگیراوە، بەڵام ئافرەتی کورد دەبێت هەوڵی زۆر بدات خۆی بەو ئاسـتە بگەیەنێت، پیاوی کوردیش پێویستە هەم خۆی زیاتر پێبگەیەنێت و هەم ئاسانکاری بۆ ئافرەتیش بکات کە هاوشـانی بێت و بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەنگاو بنێن. ئەو چالاکوانە گوتیشی «دەورانی شـیرین تـەشـی دەڕێسێ نەماوەو مامۆسـتا هـێمن گوتەنی من تـەشـی ڕێسـێیەکی وەك شـیرین وەفائیـم بۆچییە .. کیـژی وریـای چاوکراوەی فـیـرە زانینم دەوێ».

**گۆنا سەعید:**

**گەر بنەمای ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ بونیاد بنرێ، بێ کێشەوگرفت بنەماکانی جێندەریش جێبەجێ دەبن**

**نەجیبە مەحموود:**

**دەبێت لە باخچەی ساوایان تا زانکۆکان کارلەسەر ئەوە بکرێ کە ڕەگەزەکان لە ئەرك و مافدا یەکسان بکرێن**

# ئافرەتانی بیانی و کارخواز لەهەرێمی کوردستان ئاریشەی جۆراوجۆریان هەیە

عەمید یادگار ئەنوەر:

**حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی هەبووە و ئێستاش چەند کێشەیەکی لەوجۆرەمان هەیە کە دۆسیەکەیمان رەوانەی دادگا کردووە**

ئافرەتێکی فیلیپینی

**ئێمە لە ماڵی زۆر بەرپرس و بازرگان کارمان کردووە، زۆرجار خۆیان شەریف بوون و وەک کچی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، بەڵام حیمایە و پیاوی خزم و کەسیان هەمیشە فشاریان بۆ دروست کردووین**

«ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەم، پێشتر لە سلێمانی بووم، دواتر هاتم بۆ هەولێر، سەرەتا لە کۆمپانیایەکی تورکی بۆ وەبەرهێنان کارم دەکرد، سروشتی کارکردنی ئێمە وایە ناتوانین خانوو بەکرێ بگرین، نە پارەی ئەوەمان هەیە و نە رێگەی ئەوەشمان پێدەدەن. منیش لە کۆمپانیا کارم دەکرد و ناچار شەو لە ئۆفیسی کۆمپانیاکە دەنووستم. بەڵام خاوەن کارەکەم چەند جارێك داوای سێکسی لێکردم، لەبەرئەوەی رەتمکردەوە پاسپۆرتەکەی لێ شاردمەوە و دواتر دەری کردم و منیش کەوتمە سەر جادە». ئەوە دەستپێکی قسەکانی (م،د)) بوو. ئەو ئافرەتێکی فلیپینییە و بەگوتەی خۆی ئەوەی زۆر ئازاری داوە، ئەوەیە کە لە هەر شوێنێك کاری کردووە، داوای سێکسی لێکراوە. مێری بە دڵتەنگییەکی زۆرەوە بەمجۆرە باسی کێشەکانی خۆی کرد.

**کە داواکارییان رەت دەکەینەوە بوختانمان بۆ دەکەن**

«دوای ئەوەی پاسپۆرتەکەم نەما، چووم بۆ کۆمپانیایەکی دیکە کە دوو برا خاوەنی بوون، رۆژان برا بچووکەکە دەهات دەستی بۆ دەبردم، شەویش برا گەورەکە دەهاتە ژووری نووستنم، بەڵام من رازی نەبووم، ئەوانیش رقیان لێ هەڵگرتم و دەریان کردم، ئەمجارە چوومە ماڵە ئیسلامییەك کە ژنەکەی لە ماڵ نەبا، پیاوەکە داوای سێکسی لێدەکردم، منیش هەڕەشەی ئەوەم لێکرد ئەگەر وازنەهێنێ، بە ژنەکەی بڵێم، رۆژێك هاوڕێیەکم هات بۆ لام، ئەمجارە پیاوەکە گوتی: مادام خۆت رازی نابیت، هاوڕێکەتم بۆ رازی بکە، دیسان ئەوکارەم نەکرد، دواجار ئەو پیاوە بوختانی بۆ هەڵبەستم».

**کارمەندێکی بەویژدانی ئاسایش فریام کەوت**

ئافرەتێکی ئەسیوپی خۆی بە (ب،گ) ناساند، ئەویش نایشارێتەوە کە رووبەڕووی چەندین کێشەی بۆتەوە، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە جارێکیش دیپۆرت کراوەتەوە، بی دەڵێت «لە کۆمپانیایەك کارم دەکرد، سێ کەسیان بەردەوام داوای سێکسیان لێدەکردم منیش هەمووجارێك رەتمدەکردەوە، دواجار بە دزینی ٧٠٠ دۆلار تاوانباریان کردم و لە ئاسایش شکاتیان لێکردم، کارمەندێکی بە ویژدان کە زانی ئەوان نییەتیان باش نەبووەو درۆ دەکەن، بەرگری لێکردم و فریام کەوت و نەیهێشت دەستبەسەر بکرێم».بی داوای پشتیوانی و کارئاسانی زیاتری حکومەت و رێکخراوەکانی مەدەنی دەکات، گلەییشی لەوە هەیە «تاوەکو ئێستا رێکخراوێك بوونی نییە داکۆکی لە کەسانی بیانی بکات»، بۆیە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی «ئێمە لە ماڵی زۆر بەرپرس و بازرگان کارمان کردووە، زۆرجار خۆیان شەریف بوون و وەك کچی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، بەڵام حیمایە و پیاوی خزم و کەسیان هەمیشە فشاریان بۆ دروست کردووین».

**دوای دیپۆرتکردن بە رێگەی قاچاخ هاتمەوە**

(ج،س) ئافرەتێکی دیکەی فلیپینییە و تەمەنی ٢٦ ساڵە، بە گوتەی خۆی جارێك دیپۆرتکراوەتەوە و دواتر بەرێگەی قاچاخ هاتۆتەوە کوردستان، ئەویش بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی کرد «لە ماڵە عەرەبێك کارم دەکرد، ژنەکە زۆر رەزیل بوو، نانی پێنەدەدام تەنیا بەرماوە و ورتکەنان نەبێت، نەیدەهێشت دەست لە خواردن بدەم، دەیگوت ئێوە پیسن، تەنیا حەوش و حەدیقە و بەردەرگەی پێ خاوێن دەکردمەوە، شەوێکیان زۆرم برسی بوو، لەبرسان خەوم لێنەکەوت، چووم سەلاجەم کردەوە، شتێك بخۆم، بەڵام ژنەکە هات و پاڵیدام و نەیهێشت دەست بۆ هیچ ببەم، منیش پەرداخێکی شووشەم بەدەستەوە بوو لەسەریمدا و سەریم شکاند، بەو هۆیەوە دیپۆرتیان کردمەوە، بەڵام جارێکی دی بە رێگەی قاچاخ هاتمەوە».

**لەگەڵ دراوسێکانمان رێزی یەکتری دەگرین**

(م.س) سووسوو کچێکی خەڵکی وڵاتی چینە. وەك خۆی باسیکرد چەند ساڵە لە هەرێمی کوردستان لە هوتێل و نادی و سەنتەرەکانی وەرزشی کاری ماساج دەکات، ئەویش نایشارێتەوە کە لەو چەند ساڵەدا تووشی دەیان کێشەی جۆراوجۆر بووەتەوە، بەڵام ئێستا لە کارەکەی رازییە و لەگەڵ کیژێکی هاوڕێی خۆی خانوویان بە کرێ گرتووەو کێشەیان نییە، ئەو دەڵێت «سەرەتا کە خانوومان نەبوو، لە هوتیل و ئۆفیس و سەنتەر دەماینەوە و پیاوانیش پێشنیاری خراپیان دەکرد، تەنانەت سواری تەکسیش دەبووین داوای سێکسیان دەکرد، بەڵام ئێستا خانوومان بە کرێ گرتووەو هیچ کێشەمان نییە، ئێمە رێز لە جیران و نەریتی ئەوان دەگرین و ئەوانیش رێزی ئێمە دەگرن».

کاردانەوە نەرێنییەکانی ئافرەتانی بیانی بۆسەر کۆمەڵگەی ئێمە زۆرە

دیدەوان قادر وەك چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێت «لە کوردستان رۆژانە پێشێلکاری بەرامبەر ئافرەتانی بیانی دەبیندرێت، لەرووی کاری قورس و ئیستغلالکردنیان بۆ کاری نەشیاو و رێزنەگرتن لەلایەنی دابونەریت و ئایینیان». گوتیشی «هەڵبەت کاردانەوە نەرێینیەکانی ئەوانیش بۆسەر کۆمەڵگەی ئێمە کەم نییە

**بە پێچەوانەی ساڵانی پێش رزگارکردنی عێراق و سەردەمی رژێمی بەعسی لەناوچوو کــە گەنجانی بێکاری کورد ڕوویان لە شــارە گەورەکانی عێــراق و دەرەوەی وڵات دەکرد، لەدوای گەشەســەندنی باری ئابووری و ڕەخسانی هەلی جۆراوجۆری کار، ژمارەیەکــی زۆر کرێکاری بیانی (هەردوو ڕەگەز) لە وڵاتانــی دیکەوە بۆ کارکردن ڕوویان لە هەرێمی کوردســتان کــردووە، بەتایبەتی خانمانی کرێکار کە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانــەوە هاتوون، کێشــە و ئاریشــەی تایبەت بە خۆیان هە یە و لـــەم راپۆرتەدا نهێنییەکانی ژیانـــی خۆیان بۆ گوڵان دەدرکێنن.**



و ناکرێ هەڵوەستەی لەســەر بکەین، کە بەشێکیان بوونەتە مایەی لێکترازانی خێزان بەهۆی بوونی پەیوەندی ناتەندروســت لەگەڵ ئەو ئافرەتانە و دواجار بە جیابوونەوە کۆتایی بە ژن و مێردایەتی هاتووە، بەشێکی تریان پەیوەندی بە هەندێ نەریتە لەڕێگەی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانــدا کاریگەرییان دەبێت و دەبنە مایەی کێشە، چونکە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی ئێمە ناگونجێن، وێڕای ئەوەی ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەڵگری کۆمەڵێك نەخۆشی بن کە مەترسییان لێدەکرێت بگوازرێنەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە».

**ڕۆژانە داواکاری ئافرەتی کرێکار زیاتر دەبێت**

لە دوای ئازادی عێراق و باشــتربوونی رەوشی ئابووری هاووڵاتیان، کۆمەڵێ کۆمپانیا هەســتان بە هێنانی کرێکاری بیانی لە وڵاتانی وەك فلیپین و ئەســیوپیا و ئەندەنوسیا و...تاد، (کۆمپانیای ماڵی کورد) یەکێکە لەو کۆمپانیانەی کە ماوەی زیاتر لە شــەش ســاڵە کرێکاری بیانی دێنێتە کوردســتان، ئازاد عیزەدین بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایــە، ئاماژە بەوە دەکات کە مانگانە نزیکەی ١٠ کرێکاری ئافرەت بۆ هەرێمی کوردســتان دەهێنن، گوتیشی «ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکاری خەڵك لەســەر ئەو ئافرەتــە کرێکارانە زیاتر دەبێت، ئێمەش تەعامول لەگەڵ کۆمپانیا و شوێنە گشتییەکان ناکەین،تەنیا گرێبەست لەگەڵ خێزان دەکەین، مەرجە لەناو ئەو خێزانەشدا ئافرەت هەبێت».

**نیپاڵی و ئەندەنوسییەکان کێشەیان کەمترە**

وەك ئەو خاوەن کۆمپانیایە باسیکرد، تەمەنی ئەوانەی دێنە کوردستان لە نێوان ١٩ تا ٤٢ ساڵییەو هەریەکێك لەوان گرێبەستیان بۆ ماوەی دوو ســاڵە، دوای ئەو دوو ســاڵە دەبێ بۆ وڵاتی خۆی بڕواتەوە، هەروەها لە کاتب عەدل بەڵێننامە لەو کەســە وەردەگرین، ئەوانەشی داوای ئەو ئافرەتانە دەکەن، زیاتر پیرەژن و پیرەمێردی نەخۆشــن کە منداڵەکانیان بەجێیانهێشــتوون و ناتوانن خزمەتی خۆیان بکەن، یان بــۆ کاری ناوماڵ و ئاگاداربوون لە منداڵ داوای ئافرەتی کرێکار دەکەن. گوتیشــی «پێشتر ئەسیوپییەکان کێشــەیان زۆربوو، پێش ئەوەی حکومەت مەنعیان بکات، ئێمە مەنعمان کردن، چونکە ئەوان کاری نایاســاییان دەکرد، بەڵام نیپاڵی و ئەندەنوسییەکان کێشەیان کەمترە و ئێستا تەنیا ئەوان دەهێنین».

**ئەوانەی کە بە نایاسایی دێنە کوردستان دیپۆرتیان دەکەینەوە**

لەلای خۆیەوە عەمید یادگار ئەنوەر فەرەج بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر، ســەبارەت بە هەمان پــرس بــۆ گــوڵان گوتی «بەحوکمی ئەوەی هەرێمی کوردســتان لەڕووی ئەمن و ئاسایشــەوە هەرێمێکی ســەقامگیرە و خــاوەن فرۆکەخانەیــن و چەندان ســەفارەت و کونسوڵگەری لە کوردســتان بوونی هەیە، لە سیاســەتی کوردســتاندایە کــە برەو بە وەبەرهێنــان و بووژانەوە بــدات، بۆیە خەڵکی بیانیش لە هەرێمی کوردستان دەکەن»، گوتیشی «سەرەتا خەڵکانێکی بیانی بەبێ ڤیزە و بەڕێگەی قاچاخ داخیلی هەرێم دەبوون، دواتر لەڕێگــەی بەرنامەیەکی داڕێژراو پلان بــۆ هاتنی ئــەو بیانیانە داندرا کە دەیانویســت لێــرە کاربکەن، لە ئەزموونــی کاری رابردووی خۆمان زۆرمان بینی و کاردانەوەی خراپیشــی هەبوو، کە ئەو ئافرەتانە کڕین و فرۆشــتنیان پێدەکرا، یان لە ماڵەکان ســووکایەتییان پێدەکرا، بەڵام خۆشــبەختانە لە ساڵی پارەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار بڕیارماندا ئەوانەی دێنە ئێرە بۆ کار، شــوێن و جێگەیان دیاربێت و زەمانــەت کرابێت، ئەو کۆمپانیانەی دەیانهێنن دەبێ خۆیان کاری نیشــینگەی بۆ بکــەن، ئەوانەش کە بە نایاسایی دێنە کوردســتان، ئێمە دیپۆرتیان دەکەینەوە، رۆژانە ســکاڵا هەبووە کە ئەو ئافرەتانە زوڵمیان لێکراوە، ئێمە راستەوخۆ رووبەڕووی بنکەی پۆلیسیان دەکەینەوە و ئیفادەی تەواویان لێوەردەگرین، لەڕێگەی ئەوانەوە دەدرێتە دادگا و دادگاش هەر بڕیارێك بدات، ئێمە پەیڕەوی دەکەین، ئەگەر کێشــەکەش ســووك بێت لە رێگەی هۆبەی یاسایی خۆمان کێشەکەی چارەسەر دەکەین».

عەمید یادگار ئەوەشــی خستەڕوو کە «حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی هەبووە و لە هۆبەی یاسایی دۆسیەمان بۆ کردۆتەوە و دۆســیەکەمان رەوانــەی دادگا کردووە، ئێســتاش چەند کێشەیەکی لەمجۆرەمان لایە و رەوانەی دادگا کراون هێشتا نەگەڕاونەتەوە».

د. زیبا میرحوسەینی بۆ گوڵان:

# بەبێ ئازادیی ئافرەتان زەحمەتە بتوانرێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بونیاد بنرێت

د. زیبا میرحوسینی چالاکوانی بەناوبانگی ئێرانی کە ئێستا لە لەندەن نیشتەجێیە، یەکێك لە توێژەرە ناسراوەکانی دنیایە کە چەندین توێژینەوەی زانستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقیا هەیە، لەم وتووێژەیدا لەگەڵ گوڵان، لەسەر ڕۆڵی ئافرەت و بەشداری لەبواری سیاسەت و زەمینەسازی بۆ ئازادیی ئافرەت، وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە.

گوڵان – کۆمەڵایەتی

**لەهەر کوێ ئافرەت لەکەرتەکانی ئابووری و بازاڕ دوورخراوەتەوە و لەئاکامدا بەهرەو سەرچاوەکانی کۆمەڵگە بەفیڕۆدراوە**



*** تاچەند ئازادیی ئافرەتان گرنگ و پێویستە لە پرۆسەی بونیادی دیموکراسییەت و پێناسەی ئازادیی ئافرەتان چۆن دەکەی؟**

- پێش هەمووشتێك هەردوو پرسیارەكەتان پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، لەبەرئەوەی بەبێ ئازادیی دیموکراسییەت بوونی نابێت و مەبەستم لە ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی تێكەڵبوونە، هەروەها لەگەڵ یەكسانی لەبەردەم یاسا، لە دیدی منەوە پێناسەی ئازادی ئافرەتان بریتیە لەوەی كە ئافرەت بتوانێت رێگەچارەی سەرفراز و پاك هەڵبژێرێ لە ژیانیدا، زۆر گرنگە ئافرەت ئازاد بێت لەڕووی بژاردنی رێگەچارەی سەرفراز، لەلایەنێكی دیكەوە یەكسانی لە دیموکراسییەتدا لایەنێكی زۆر گرنگە لەبەرئەوەی یەكسانی تێگەیشتنێكە بۆ دادپەروەری، هەربۆیە بەبێ رێزگرتن لە مافی یەكسان بۆ هەموو هاوڵاتیان هەرگیز ناتوانرێ كۆمەڵگەیەكی دیموکراسیی كارا بونیاد بنرێت، پێویستە یەكسانی بە لەبەرچاونەگرتنی رەگەز و بیروباوەڕ لەبەرامبەر هەمووان پیادە بكرێت، هەربۆیەیش پێموایە كە ئەو دوو خاڵە پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، لایەنێكی دیكەی گرنگ كە نابێ لەبیری بكەین، چەمكی پیاوسالارییە، مەبەستم لە پیاوسالاری دەسەڵاتی پیاوە نەك تەنها لەڕووی زاڵبوونی بەسەر ئافرەت، بەڵكو دەسەڵاتی پیاو لەسەر ئافرەتان و هەروەها لەسەر پیاوانیش، هەمیشە پەیوەندییەك لەنێوان پیاوسالاری و دەسەڵات هەیە، لەبەرئەوەی لە كۆمەڵگەی نادیموکراسی و پیاوسالاری هەمیشە لە هەوڵدان بۆ سەركوتكردنی دەنگی خەڵكی لاواز، هەروەها سەركوتكردنی ئافرەتان و گەنجان لەگەڵ پیاوانی بێ هێز و بێ توانا، هەربۆیە لەپێناو بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی دیموکراسی ئەوە پێویستە دیموکراسییەت ئازاد بكرێت لە پیاوسالاری، كەواتە بەبێ ئازادی ئافرەتان و كەمینەكان زەحمەتە بتوانرێت كۆمەڵگەیەكی دیموکراسی بونیاد بنرێت، لە مێژوودا ئافرەتان وەكو گرووپێكی كەمینە مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە، هەروەها گرنگە یەكسانی لەبەردەم یاسادا هەبێت لەبەرئەوەی یەكسانی لەبەردەم یاسا كۆنسێپتێكی گرنگی بەهاوڵاتیبوونە.

*** بۆچی رێژەی بەشداربوونی ئافرەتان لە حكومەت و سیاسەت كەمە؟ ئایا بەهۆی ئەوەیە كە ئافرەت تونای كەمە، یان ئەوەیە بواریان پێ نەبەخشراوە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد پیاوسالاری تەنیا پەیوەست نییە بە كۆنترۆڵكردنی ئافرەت، بەڵكو پەیوەستە بە كۆنترۆڵكردنی خەڵكی لاواز و ئەو لایەنە پیاوی لاوازیش دەگرێتەوە، هەربۆیە پێویستە سەرنج بدەینە ئەو خاڵە و لەبیری نەكەین لەڕووی دەسەڵات و لەبەرئەوەی ئافرەت بە درێژایی مێژوودا بواری بۆ فەراهەم نەكراوە، هەربۆیە هەتا ئافرەت ئەگەر لە كایەی سیاسیشدا بوونی هەبێت، ئەوا لە پۆستە باڵاكان و لە دروستكردنی بڕیاردا حزووری زۆر كەمە، هەربۆیە هەتا پیاوسالاری بوونی هەبێت، ئەوا ئافرەت وەك پێویست دەسەڵاتی نابێت، ئەمەش هۆكاری مێژوویی لە پشتەوەیە، بەڵام هەمیشە رێگەچارەی پێویست هەیە بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو لایەنە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ كۆنسێپتی یەكسانیی بابەتییانە لەئارادا هەیە، هەروەها واتای راستەقینەی یەكسانی تەنها ئەوەندە ناگەیەنێت كە پیاوان و ئافرەتان و هەموو هاوڵاتیان رێك وەكو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، بەڵكو واتای ئەوە دەگەیەنێت كە هەلی یەكسان بۆ هەمووان فەراهەم بكرێت و هەروەها یەكسانی هەبێت لە بڕیاردان، هەربۆیە پێویستە یاسادانەران جیاكاری پۆزەتیف واتە (سیستمی كۆتا) پەیڕەو بكەن، لەپێناوی راستكردنەوەی ئەو كەموكورتییە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد كە ئافرەت لە كۆندا وەكو كەمینە مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، هەرلەبەرئەوەیشە دەبینین هەندێك لە وڵاتان كۆتا-یان هەیە كە لایەنی كەمەوە رێژەی لە ٣٠٪ی لە ئەندامانی پەرلەمان ئافرەتن، بێگومان ئەمەش دیاردەیەكی جیهانییە، بەڵام تەنها ئاستەكانی جیاوازە لەبەرئەوەی لە هەندێك لە كۆمەڵگەكان ڕێژەكەی بەرزترەو لە هەندێك كۆمەڵگەی دیكە كەمترە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە سەدەی بیستەمدا ئافرەت بەرە بەرە چووەتە نێو فەزای گشتی و تێكەڵی ژیانی سیاسی بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بارەكە بگۆڕێت، بەڵام لەكۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم كە ئەم رەوشە یەكێكە لە ئاكامەكانی چڕكردنی هەموو دەسەڵاتەكان لە دەستی ژمارەیەك پیاوی دیاریكراو .

*** كەواتە لەبەرئەوەیە رێژەی ئافرەت وەكو سەرۆكی رێكخراوە ناحكوومییەكان بەرزترە و لە پەرلەمان و حكومەت بواریان بۆ فەراهەم نەكراوە؟**

- هەڵبەتە ئەوە یەكێكە لەو كێشە و گرفتانەی كە لە جیهاندا رووبەڕوومان دەبێتەوە، چونكە ئێمە لە سیاسەت تێدەگەین و دەزانین كە پیاوان سیاسەتی زبر پیادەدەكەن و هەر لەبەر ئەوەیشە شەڕ و ناكۆكیی زۆر لە جیهاندا هەیە، بەپێی توێژینەوەیەك دەركەوتووە لە هەر شوێنێك ئافرەت لە پێگەی درووستكردنی بڕیارەكاندا بوونی هەبێت ئەوە هەمیشە سازشكردن روودەدات و هەمیشە كار لەسەر بنەمای ئاكارەكان دەكرێت و جەخت لەوە دەكرێتەوە كە هەمووان بە شێوازێكی یەكسان مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، بەڵام هەبوونی ئافرەتان لە ڕێكخراوە

**پێویستە یاسادانەران جیاكاری پۆزەتیف واتە (سیستمی كۆتا) پەیڕەو بكەن**

**پیاوان سیاسەتی زبر پیادەدەكەن و هەر لەبەر ئەوەیشە شەڕ و ناكۆكیی زۆر لە جیهاندا هەیە**

**لە هەر شوێنێک ئافرەت لە پێگەی درووستکردنی بڕیارەکاندا بوونی هەبێت ئەوە هەمیشە سازشکردن روودەدات**

ناحکوومییەکان شـــتێکی تازەیە لەبەرئەوەی لەڕووی چەندین کۆنتێکستەوە – لایەنی کەمەوە لە جیهانی ئێمە – ڕێکخراوی ناحکوومی پێش ساڵانی هەشتاکان بوونی نەبووە، ڕێکخراوی ناحکوومی بەشێکە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و پڕۆســـەی بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و کاردەکات بۆ گەیاندنـــی دەنگەکان، بێگومان ئافرەتان توانایان هەیەو هۆکاری کەمی ڕێژەیان و بەشداربوونیان لە حکومـــەت بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کـــە توانایان نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو بواریان بۆ فەراهەم نەکراوە و لەلایەن دەســـەڵاتەوە ڕێگەیان پێ بتوانێـــت لە هەڵبژاردنەکان خـــۆی کاندید بکات و بە ئاستێکی باشـــتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها قبووڵکردنی لە فەزای گشتی، هەڵبەتە ئەم لایەنەیش پەیوەستە بە کەلتوور، مەسەلەکە تەنها سیاسەت نییە، بەڵکو کەلتووری سیاســـییە، کەلتـــووری جیاکاری و گۆشەگیرکردنی ڕەگەزی مێینەیە، ئەو تێگەیشتنەی کە دەڵێت ئافرەت لاوازەو پێویستی بە پارێزگاری هەیەو لەبەرژەوەندی ئافرەتە لەژێر کۆنترۆڵی پیاو بمێنێتەوە، ئـــەوە ئایدیۆلۆژیایەکی لەپشـــتە کـــە ئایدیۆلۆژیای پیاوســـالارییە، بۆیە پێویستە ئەو لایەنە راستبکرێتەوە،




**ئەوە ستەمکارییە کە دەڵێن پیاو متمانەی بەخۆی زۆرە و ئافرەت متمانەی بەخۆی نییە**

نەدراوە بەشـــداری لە سیاسەت بکەن، هەربۆیە بەڕای من لەپێناوی دامەزراندنی باشترین سیستەمی سیاسی لە جیهان پێویســـتە دەنگی ئافرەتان بـــەرز رابگیرێت لەگەڵ دەنگی هەموو گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگە کە بە ئاستێکی راستەقینە نوێنەرایەتییان نەکراوە.

*** بۆ بەشداربوونی ئافرەت لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاردا چۆن زەمینەسازی دەکرێت ؟**

- ڕێگەچارەی پەروەردەیەو پێویســـتە لە سیســـتەمی یاساییشدا سیســـتمی کۆتا پەیڕەو بکرێت، کە بریتییە لە پیادەکردنـــی کۆتا لە پەرلەمـــان بۆئەوەی ئافرەت ئەوە ســـتەمکارییە کە دەڵێن پیـــاو متمانەی بەخۆی زۆرە و ئافـــرەت متمانەی بەخۆی نییەو گوایە ئافرەت ملکەچـــە، وەدیهێنانی گۆڕانـــکاری کاتێکی زۆری دەوێ، زۆریش دەخایەنێ، بەڵام هەرگیز کات درەنگ نییە بۆ دەســـتپێکردن، بەش بـــە حاڵی خۆم هیوایەکی زۆرم بـــە نەوەی ئەمـــڕۆ هەیە، لەبەرئـــەوەی ئەمڕۆ ئافرەت باوەڕی بە خۆی هەیەو خۆی بە ئاستنزم نازانێ و بـــاوەڕی نییە بەو ئایدیۆلۆژیایـــەی کە ئافرەت بە ئاستنزم دادەنێت، هەربۆیە تەنانەت گەر ئافرەت لە هەر پۆستێکیش ببینین ئەوە هیچ گومانێکم نییە لەوەی کە

ئەو ئافرەتە زیاتر یان بە قەد هەر پیاوێکی دیکە بەتوانا و زیرەك دەبێت لەو پۆستەدا. وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کەلتووری پیاوسالاری و ملکەچکردنی ئافرەت و نادادپەروەری پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەنە و کاتێکی زۆری بردووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆیە دەڵێم ئەم پرۆسەیە کورتخایەن نییە، بەڵکو درێژخایەنە.

*** تاچەند بوونی ئافرەتان لە چەندین پۆستی جیاواز گرنگە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەتایبەتی لە پرۆسەی پەرەپێدان؟**

- دەبینین ئافرەت بوونێکی بەرچاوی هەیە لە کەرتەکانی پەروەردەیی و چاودێری لە کۆمەڵگەدا و هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەت لەڕووی نەریتییەوە دەستنیشانکراوە بۆ گێڕانی رۆڵی چاودێری، لایەنێکی گرنگ هەیە کە بوارەکانی فێمێنیزم و رەگەز دیراسەتی دەکەن لەبەرئەوەی جگە لەوەی کە فێمێنیزم بزاوێکە، هاوکات فێمێنیزم پرۆژەیەکی مەعریفییە، فێمێنیزم پرۆژەیەکی ئەبستیمۆلۆژییە کە پیشانمان دەدات و فێرمان دەکات کە چۆن ئەو شتانە دەزانین کە دەیانزانین و چی دەزانین لەبارەی ئافرەت و هەروەها لەبارەی کەلتووری ئافرەتان لەگەڵ کەلتووری پیاوان، لەلایەکی دیکەوە فێمێنیزم پێناسەی چەمکی رەگەزمان بۆ دەکات و پێمان دەڵێت کە پیاوان و ئافرەتان وەك یەك لەدایك بوون، گەر لە دوو جۆری جیاوازن، بەڵام لە توانادا جیاوازییان نییە، بۆیە ئەگەر بێت و دەسەڵات بە ئافرەت ببەخشرێت بۆ درووستکردنی بڕیارەکان ئەوە بەڕای من دەتوانێت بە باشترین شێوە خزمەت بگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئافرەت دەزانێت چی باشە بۆ خێزان و بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر ئێمە وەك ئافرەت هەمیشە ملکەچی دەسەڵات بین، ئەوە ئەوکات سیستەمی حکومڕانی سەرکەوتوو نابێت، هەربۆیە ئێمە پێویستیمان بە سەربەخۆیی هەیە، هەڵبەتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەپشت کێشە ئابوورییەکانە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە – بەهۆی کەلتوور و ئایین و چەندین لایەنی دیکە – ئافرەت لە چەند کەرتێکی دیاریکراوی بازاڕ دوورخراوەتەوە و لەئاکامیشدا بەهرە و سەرچاوەکانی کۆمەڵگە بەفیڕۆدراوە، هەربۆیەش بەشداربوونی ئافرەت و پەرەپێدانی تواناکانیان سوودبەخشە بۆ کۆمەڵگە و بۆ ئابووری و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە لەسەر حکومەت کەش و هەوا و زەمینە بۆ ئافرەت بڕەخسێنێت، بۆئەوەی بەشدار بێت و هەروەها تێکەڵی درووستکردنی بڕیارەکان بێت.



## پرۆفایل:

**د. زیبا میرحوسێنی لە زانکۆی تاران بەشی کۆمەڵناسی خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەرزتری وەرگرتووە بۆ بەریتانیا و لە ساڵی ١٩٨٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کەمبریج وەرگرتووە. دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران بەڵام دواتر دیسان بۆ بەریتانیا دەگەڕێتەوە و لە زانکۆی کەمبریج دەستی بەکار و توێژینەوەی زانستی کرد. ئەو خاتوونە چەندین کتێبی نووسیوە و یەکێك لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی بواری سینەمایە، هەروەها لەگەڵ ناوەندی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە زانکۆی لەندەن وەك پسپۆڕی بەرفراوانکردنی هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاردەکات. فیلمی (طلاق بە سبک ایرانی) واتە تەڵاق بە شێوازی ئێرانی، ١٦ خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.**

# ئەکتیڤکردنی داواکاری گشتی وەک پێویستیەک بۆ سەروەری یاسا



گوڵان - کۆمەڵایەتی

**لە کاتی هەر پێشێلکردنێکی مافی تاکەکان ئەرکی یاسایە بەشێوەیەکی گشتی و لەڕێگەی داواکاری گشتی بەشێوەیەکی تایبەتی ماف بۆ مافخوراو زوڵملێکراو بگەڕێنێتەوە، لە ئێستاشدا بەهۆی سستی لەجێبەجێکردنی یاساکان داوای ئەکتیڤکردنی داواکاری گشتی دەکرێ. بە پێویستیش دەزانرێ داواکاری گشتی بێلایەن بێت و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نەکەوێتە ژێر کاریگەری و فشاری هیچ لایەن و حزبێک، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە داوکاری گشتی ڕۆڵی خۆی هەبووەو بە ملیۆنەها دۆلاری بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە.**

### داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد جیاکراوەتەوە

وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان (شێروان حەیدەری)، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان هێمای بۆ ئەوە کرد کە گەڕانەوە بۆ سەر ئەنجومەنی دادوەری یەکێکە لە داواکارییەکانی داواکاری گشتی، گوتیشی «ئێمە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەت پڕۆژەمان پێشکەش کردووە، لە پڕۆژەیاساکە داواکاری گشتیمان لە وەزارەتی داد جیاکردووەتەوە، بۆئەوەی ببەسترێتەوە بە ئەنجومەنی دادوەری، پڕۆژەیاساکەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە و لە پەرلەمانیش خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە».

### داواکاری گشتی لە داهاتوودا دەسەڵاتی زیاتر دەبێت

وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی «من ماوەی یازدە مانگە لەوەزارەتم، تائێستا داواکاری گشتی نەهاتۆتە لای من، بڵێ دەستێوەردان لە کارەکانم کراوە، هەموو هەوڵێکیشمان داوە بۆ ئەوەی دەستێوەردان دروست نەبێت، داواکاری گشتیش ڕۆڵی خۆی هەبووەو بە ملیۆنەها دۆلاریشی بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە».

حەیدەری جەختی لەوەش کردەوە کە گەڕاندنەوەی داواکاری گشتی بۆسەر ئەنجومەنی دادوەری و هەموارکردنەوەی یاساکە جۆرێک لە سەربەخۆیی بۆ داواکاری گشتی فەراهەم دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوازێکی باشتر ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت. ئەوەشی خستەڕوو کە بەپێی ماددەی ٨٩ لە دەستووری عێراق کە داواکاری گشتی بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەری، لەسەر ئەو بنەمایە یاسای هەموارکردنەوەی وەزارەتیان بۆ گواستنەوەی داواکاری گشتی پێشکەشی پەرلەمان کردووە، بەوپێیەی ئەنجومەنی دادوەری لە کارەکانیدا سەربەخۆیە. ئەگەری ئەوە هەیە داواکاری گشتیش لە داهاتوودا دەسەڵاتی زیاتر ببێت».

### پێویستە ئاسانکاری بۆ داواکاری گشتی بکرێ و ڕێگە بەدەستوەردانی هیچ لایەنێك نەدرێ

نەبەز جۆلا وەك ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە هەموو وڵاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی یاسا پارێزەری گیان و ماڵی تاکەکانی کۆمەڵگەیەو دەبێت لە کاتی پێشێلکاری لەسەر مافەکان یاسا بە شێوەیەکی گشتی و داواکاری گشتی بە شێوەیەکی تایبەتی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافخوراو ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت. «گرفتێکی گەورە ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان داواکاری گشتی لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی یاسایی باشی پێدراوە،

بەڵام لە جێبەجێ کردندا دەسەڵاتێکی بێهێزی هەیە، هەتاکو ئێستاش بڕیارەکانی شەرمی پێوە دیارەو لە چەندین کایەدا لاوازی پێوە دیارە». ڕەخنـــەی لەوەش گرت کە داواکاری گشتی بۆ ئەو بابەتانەی دێتە بەردەستی «بەدواداچوونی جددیی نییە»، گوتیشی «کەلتوور و سیاسەتیش بۆ خۆیان دەستێکی باڵایان هەبووە لە ئیفلیجکردنی ڕۆڵی داواکاری گشـــتیدا، ئەو یاســـایانەی لەپەرلەمانی کوردســـتانیش دەردەکرێن زۆر جار جگە لە چەند وشـــەیەك لەسەر کاغەز هیچـــی تر نین و هەندێ جاریش نادادپەروەرانە دەردەچێت، ئەگەر نموونەش بێنینەوە لەم دواییانەدا یاسایەك لە پەرلەمان دەرچوو لەســـەر بابەتی فرەژنی کە بەداخەوە ئەو یاســـایە لە خزمەتی چینـــی دەوڵەمەندا بوو، بـــە زەقی جیاوازی چینایەتـــی پێوە دیار بوو، بەو پێیەی هەر پیاوێك دەتوانێت ژنی دووەم بهێنێتەوە بەمەرجێك دەبێت چەند دەستکەوتێك بۆ ژنی یەکەم دەستەبەر بکات، یان ساتێك ئافرەتێك دەکوژرێ، بەبێ ئەوەی داواکاری گشتی فەرمان بە توێکارییەکی ورد بۆ لاشـــەی ئافرەتە مردووەکە بکات، بە چەندین بیانووی نابەجێ کە گوایە خۆی ســـوتاندووە، یان خۆی خنکاندووە، تاوانبار و بکوژانی ئەو ئافرەتە لە دەســـت ســـزای یاسایی ڕزگاریان دەبێت نەبەز جوڵا لە بەشـــی کۆتایی قسەکانیدا جەختـــی لەوە کردەوە کە «داواکاری گشـــتی بە تەنها لە کەموکورییەکانـــی جێبەجێکردنـــی یاســـا بەرپرس نییە و دەبێـــت هەموو پێکەوە هاوکار بن، بەتایبەتی سیاســـیەکان و دەســـەڵاتداران ئاسانکاری بکەن بۆ داواکاری گشتی کە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات .

**داواکاری گشتی بۆی هەیە لە کاتی ئامادە نەبوونی دادوەر وەك دادوەری لێکۆڵینەوە لە شوێنی ڕووداو کاربکات**

هەر ســـەبارەت بە ڕۆڵی داواکاری گشـــتی و گرفتەکانی بەردەمی، سەرۆکی مافپەروەرانی کوردستان لقی کەرکووك (ئەمجەد ســـالەیی) گوتی «لە عێراق بە گشتی ڕۆڵی داواکاری گشتی لاوازە و پێویستی بە ئەکتیڤکردن هەیە»، ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە بەپێی مـــادەی ٢ی داواکاری گشتی، داواکاری گشتی بۆی هەیە داوا تۆمار بکات بۆ داواکردنی مافی گشتی ئەگەر کەسیش داوای نەکردبێت، وێڕای چاودێری کردنی پشـــکنینەکان و کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە پێویســـتن، داواکاری گشتی بۆی هەیە لە کاتی ئامـــادە نەبوونی دادوەر وەك دادوەری لێکۆڵینەوە لە شوێنی ڕووداو کاربکات.

لە ســـەر داواکاری گشتییە کە ڕای خۆی دەربڕی لەپێش دەرکردنـــی بڕیارەکان، ئەبێت داواکاری گشـــتی لە کاتی لێکۆڵینـــەوە لە تاوان و کەتن ئامـــادە بێت، هەروەها ئەبێ دادوەر هەموو بڕیارەکانی خـــۆی لە ماوەی ٣ ڕۆژ بخاتە بەردەم داواکاری گشتی، بۆ داواکاری گشتی هەیە سەیری ئەو ســـکاڵایانە بکات کـــە ئەخرێنە بەر دەســـت لە لایەن هاوڵاتیانـــەوە یان لە لایەنی پەیوەندیـــدارەوە هەر لیژنەیەك پێکبهێندرێت دەربارەی لێکۆڵینەوە، ئەبێت داواکاری گشتی لێـــی ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر بڕیارەکانی دادوەری بە دڵ نەبێ، ئەوە ئەتوانێ پێداچوونەوەی بۆ بکات.

**هۆکارەکانی لاوازبوونی ڕۆڵی داواکاری گشتی**

لەلای خۆیەوە دادنووس ئارام محەممەد، بەمجۆرە هۆکارەکانی لاوازبوونـــی ڕۆڵـــی داواکاری گشـــتی لـــەم چەنـــد خاڵەدا خستەڕوو:

١. هەموارنەکردنەوەی یاسای داواکاری گشتی
٢. ڕێگریکردنی کارەکانیان لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە کە ناهێڵێت داواکاری گشتی ڕۆڵی خۆی ببینێت
٣. سستی دەســـەڵاتی دادوەری کە داواکاری گشتیش بەشێکە لەو دەسەڵاتە
٤. جیانەکراونەتەوە دەسەڵاتی تەنفیزی، کە زۆرجار ڕێگری لە دەسەڵاتی دادوەری دەکات بڕیارەکانی جێبەجێ بکات.

دادنووس ئارام محەممەد کاراکردنـــی پەیمانگەی دادوەری بە کارێکی زۆر پێویســـت ناوبرد بۆ ئەوەی ساڵانە کۆمەڵێك دادوەر لەسەر بنەمای لێهاتووی و چاونەترسی پێبگەیەنێ. پێشنیاری ئەوەشـــی کرد ڕێگری لـــە مەکتەبی کۆمەڵایەتـــی حزبەکان بگرێت، بۆ ئەوەی دەســـتوەردانی کاری یاسایی نەکەن. هەروەها جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە دەردەچێت.

پارێزەر ئامینە مەحموود، ئاماژە بەوە دەکات کە بەحوکمی ئەوەی داواکاری گشتی لە داواکانی (کوشتن، زینا، لێدان و دەستدرێژی نامووسی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ) نوێنەری مافخوراوانە، پێویستە دەســـەڵاتی تەواوی پێ بدرێ. گوتیشی «بەگوێرەی سیستەمی یاسای لاتینی داواکاری گشتی لوتکەی سێگۆشەی دەزگا یاساییەکانە و بەرپرسیارێتی ئەو لەبەردەم سەرۆکی وڵاتە نەك وەزیری داد، بەپێی دەستوور داواکاری گشتی دەزگایەکی قەزایی چاودێری ســـەربەخۆیە و بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەســـندکراوە، ئەرکی داواکاری گشتی پاراستنی سیســـتەمی یاســـایی هەرێمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵـــی ئابـــووری و ئیداری بەپێی یاســـا و بەرگریکردن لە بەرژەوەندی گشـــتی لە چوارچێوەی ســـەروەری یاسا، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لەســـەر لەســـەر ئەو کارانەی دەبێتەهۆی پێشـــێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردســـتاندا و بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ سەرۆکایەتی هەرێم».

**داواکاری گشتی دەتوانێ داوای دادگایی کردنی نهێنی بکات**

ئەو پارێزەرە ئەوەشی خســـتەڕوو کە لایەنی داواکار بۆیان هەیە بڕیارەکانی داواکاری گشتی لە ماوەی یەك مانگ ڕەتبکەنەوە، جگە لەوەی داواکاری گشتی دەتوانێ

داوای دادگایی کردنی نهێنی بکات و بۆی هەیە داوابەرزبکاتەوە ســـەبارەت بە هەر ڕووداوێك لە هۆڵـــی دادگاییکردن ڕوویدات، تەنانەت بۆی هەیە عوزری ئامادەنەبوونی شـــاهید و تاوانباران ڕەتبکاتـــەوە و دەتوانێ لە هەموو داواکانی باری شارســـتانی تایبەت بە ناکامەکان و نادیارەکان و ونبووەکان و ئەو کەســـانەی ئەهلییەتی یاساییان نییە. ئامینە مەحموود گوتیشی «سەرەڕای ئەو هەموو دەسەڵاتە فراوانە بەڵام تاوەکو ئێستا ڕۆڵی داواکاری گشتی بەپێی پێداویســـتی کۆمەڵگە نییە لە کوردستاندا، ئایا ڕۆڵەکـــەی لاوازە، یانیش ڕاگەیاندنەکان باســـی ناکەن، تاوەکو خەڵـــك لە دڵەڕاوکێ ڕزگاریان بێت و خاترجەم بن، لەســـەرووی هەموو ئەوانەوە پێویســـتە داواکاری گشتی هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەکاربهێنێت .»




شێروان حەیدەری::

**داواکاری گشتی ڕۆڵی خۆی هەبووە و بە ملیۆنەها دۆلاریشی بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە**



پارێزەر ئامینە مەحموود:

**لەیاسای لاتینیدا داواکاری گشتی لوتکەی سێگۆشەی دەزگا یاساییەکانە و بەرپرسیارێتی ئەو لەبەردەم سەرۆکی وڵاتە نەک وەزیری داد**



نەبەز جوڵا:

**داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی یاسایی باشی پێدراوە، بەڵام لە جێبەجێکردندا دەسەڵاتێکی بێهێزی هەیە**